# منیش لەگەڵ ئێوەدام بۆ دیفاع لە مافی ئافرەتان

**ئەردەڵان غەفوور ئەمین**
**/ئاڵمانیا ـ لایبتسیک**

**کێشەی ئافرەت پێشینەیەکی مێژوویی هەیەو دەچێتە خانەی دیاردەی ڕەگەزپەرستییەوە. فەلسەفەی دینی ئیسلام و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان ئەم کێشەیەیان قووڵتر و ئاڵۆز تر کرد ئەویش بە پشتگیری کردنی  کولتوری توندوتیژی (عونف) لە یەکلایی کردنەوەی کێشەکەدا لە بری دیالۆگ و ململانێی ئاشتیانەی بیروڕا جیاوازەکان.**

**ئەم کێشەیە کێشەیەکی دەستووری و یاساییە کە هەردوو لایەنی دەسەڵات و خەڵک بە ڕێژەی جیاواز بەرپرسیارن بەرانبەری. هۆشیار کردنەوەی تاکی کۆمەڵگا بە مافەکانی و ئەرکەکانی لە ڕێگای دەستوور و یاساوە دەبێت. هەرکاتێک دەستوور ڕوون و سانا ڕەچاوی یەکسانی نەکات لە دیاری کردنی ماف و ئەرکی تاکدا ، ئەوا کەسێک مافی کەسێکی تر دەخوات ، چینێک مافی چینێکی تر پێشێل دەکات ، توێژێک مافی توێژێکی تر دەخوات ، دەسەڵاتدار مافی بێدەسەڵات زەوت دەکات. پێویستە مافەکانی تاکی کۆمەڵ بە یەکسانی و بێ جیاوازی ڕەنگ ، ڕەگەز ، ئایین ، ئایینزا ،ئێتنی ، بیروڕا و داب و نەریت بە دەستوور و یاسا دیار و جێگیر بکرێت ، بە تایبەتی پەیوەند بە باسەکەی ئێمەوە، زامن کردنی مافی کارکردن و خوێندن ، چونکە هەر کەسێک سەربەخۆ نەبێت و خاوەنی گیرفان و عەقڵی خۆی نەبێت ئەوا خاوەنی بیرکردنەوە و بڕیاریش نابێت ، یەکێکی تر بیری بۆ دەکاتەوە و بڕیاری بۆ دەدات ، ئەمەش ئەبێتە هۆی گرنگی نەدان و بێ نرخ کردنی بیرو ڕای یەکتر و لە دایک نەبوونی دیالۆگ لە زەمینەیەکی ئازاددا ، لە ئاکامدا دروست بوون و گەشەسەندنی کولتوری توندوتیژی( عونف). بۆیە پێویستە ئەو چاووگەی کە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ دانانی دەستوور و یاسا ، مرۆڤ تێیدا ئامانج بێت نەک شتی تر.**

**بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگا بریتییە لە زامن کردنی مافی مەدەنی ، گەڕانەوە بۆ ماف و توانای خەڵک، دابین کردنی مەعیشەتی تاکی کۆمەڵ و پاراستنی کەرامەتی ، ئەمە لەڕێگەی دابین کردنی کار و پەیڕەو کردنی سیستەمی سۆسیال ( زەمانی کۆمەڵایەتی) دێتەدی. هەروەها دابین کردنی مافە خزمەت گوزارییە بنەڕەتییەکان لە ئاو، کارەبا، گەیاندن ، گواستنەوە، خوێندن و فێربوون ، تەندروستی،....هتد.**
**میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەش بریتییە لە دیسێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی ئیداری و ئابووری، بووژاندنەوەی یەکە ئیداری و ئابوورییەکان بە پرۆسەیەکی دیموکراسیانە و ئازاد بە پێی دەستوور و یاسا. بە هۆی نەبوونی ژمارەیەکی پێویست لە پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا ، هەروەها چەواشەکردن و بە هەڵە بردنی زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بووە بە هۆی ئەوەی توانای  زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە لە ململانێ ی لاوەکی و پاراستنی ئامانجی تەسکی حیزبییدا بە فیڕۆ بڕوات ، نەک بۆ پاراستنی مافی تاکی کۆمەڵگا. دامودەزگا مەدەنی و حکوومییەکان بە شێوەیەکی دەوری و بەردەوام پێویستییان بە ڕیفۆرم و تازەکردنەوە هەیە، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژە و پلانی تازە لە**

کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا.

ئەگەر بەرەوپێشچوونێک هەبووبێت لە بواری کێشەی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوا لەسەر دەستی ڕووناکبیران و پێشکەوتنخوازان دا بووە، بەڵام ئەم کێشەیە پێویستی بە خەڵکی ئازا و شارەزا هەیە. لە زۆر دەمێکەوە ئەم کێشەیە لە ناو ڕووناکبیراندا باسی لێکراوە و لێکۆڵراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەوڵەکان تەنها سووڕانەوە بووە لە ناو بازنەیەکی داخراودا. ڕووناکبیران لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانیانەوە پێویستە ئازادی گیرفان و بیریان بە یاسا بسەپێنن و بیپارێزن، بۆ ئەوەی
بێباکانە شارەزایی خۆیان بخەنە کار و دەنگ بەرز بکەنەوە دژی دیاردە دزێو و بەسەرچووەکان دژی توند و تیژی، داوای یاسای مۆدێرن بکەن بۆ پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵ کە فێری دیالۆگ و قبوڵکردنی بیروڕای جیاوازیان بکات.

پێشنیاریش بۆ دەسەڵات ئەوەیە بە بێ گرنگی دان بە جیاوازی ئیتنی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، بیروبۆچوونی ڕۆشنبیری و ڕامیاری، هتد، بە پێی دەستوور و یاسا مافی مەعیشەت و کەرامەتی تاکی کۆمەڵگا بپارێزێت. دابینکردنی ماف و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ تاکی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی جێی باوەڕی خەڵکی بێت و بتوانێت سوود لە هێزو توانا لەبن نەهاتووەکانی خەڵکی وەربگرێت و پێچەوانەکەی ڕوونەدات، ئەوانیش پەیڕەوی یاسا و نیزام بکەن و پێشێلکەری یاسا بە پێی یاسا سزابدرێت.